# هستریا نەتان گری، رووی ڕەشی کارنامەی ناسیۆنالزمی کورد بە هات و هاوار سپی ناکرێ!!

## لە وەڵام بە مودیریەتی سایتی بروسکە دا!!

سەمیر نوری



لە دێڕێکدا کە حەمید تەقوایی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کە ئیشارەت بە سیناریۆی ڕەش دەکات لە عێراقدا، دەڵی "سونیەکان شیعەکان دەکوژن ، شیعەکانیش سونەکان ، کوردەکانیش ئاوانی تر" سایتی بروسکە پەتی تەحەمولی دەپچڕێ و هستریا دەیگرێ دەکەوێتە هات هاوار وجنێو فرۆشی.

بەڵام بۆ هەرکەسێ یەک چرکە بە ئەوزاعی عێراقدا بڕوانی دەزانێ کە ناسیۆنالزمی کورد یاریکەرێکی سەرەکی سیناریۆیی رەش و جەهنمێکە کە ئەمڕۆ لە عراقدا دروست کراوە. هەر لەدابەشکردنی پۆستەکانی دەوڵەتەوە بگرە تا هەر هەنگاوێکی سیاسی لەسەر ئاستی عراقدا دەنرێت ئەمان شەریکیکی سەرەکین. وە ناسیۆنالزمی کورد هەروەک بزووتنەوە کۆنەپەرست و دژی خەڵکیاکانی وەک بزووتنەوە ئسلامیەکان چی شیعە وە چی سونی و هەروەها ناسیۆنالزمی عەرەب تا بینا قاقایان خوێنی خەڵکی عێراقە، دەیان جەریمەی گەورەیان بە هەقی خەڵکی عراق ئانجام داوە.

ئەم بەرێزانە دەیانەوی فاکت بهێنینەوە و بیسەلمێنین کە ناسێنالزمی کورد خەلک کوژە یان نا ، وەک بلێی ناسیۆنالزمی کرد جەنگی ناوخوی ئەنجام نەدابی سەدان لاوی کوردستانی نەکردبێتە قوربانی بەرژەوەندی حزبەکانیان و پاوانخوازیان ، سەدان دیلی جەنگی تێکەڵکی خاک و خۆڵ نەکردبێ و هەزارانی ئاوارە نەکردبێ، یان دەیانەوی بەبیریان بهێننەوە کە لە 18 تەممووزی 1991دا بەچی شەکڵێکی دڕندانە 60 سەربازی عەرەب زمانی دیلیان بە پارچە بلۆک و نوکی قەمە سک هەڵدڕی ، ئەگەر مدیریەتی سایتی بروسکە بڕوا ناکات بڕوات ئەرشیفی رادیۆ بی بی سی ئەو سەردەمە هەڵبداتەوە.

کەس هەیە لە کوردستان کارنامەی ڕەشی ناسیۆنالزمی کوردی لەبەرامبەر کۆمۆنیستەکان و شیوعیەکان نەزانی، نەزانی چی قەتڵ وعامێکیان لە قڕناقاو پشتاشان لەدژی حزبی شیوعی ئەنجامدا،و لە ناوشاری سلێمانیدا لە بەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا چیان کرد، یان دەتانەوێ ئاماری ئەو چەند هەزار ژنەتان وەبیر بخەینەوە کە لە کوردستان لە سایەیەی دەسەڵاتی ناسیۆنالزمی کوردا ئەنجام دراون دەدرێن. یان کوشتی رابەرانی خەڵک وەک بەکر عەلی و نەزیر عومەر و رەووف کامل ...کێ و کێتان دەوێ؟

ناسیناڵزمی کورد کەسیان نەکوشتوە ؟؟ ئەی ساڵی پارتان بیر چوو لەبەرامبەر نارەزایەتیە بەرحەقە جەماوەریەکانی کوردستاندا چی تاوانیان ئەنجام دا، کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆیان خەڵتانی خوێن نەکرد؟ تەقەیان لە خەڵکی رەحیماوا نەکرد دوو کەسیان نەکوشت لاوێکیان لە گەرمیان نەکوشت ؟ 200 کەسیان لەزیندان توند نەکرد؟؟ یا بەرێزان ئیحساساتی ناسکی ناسیۆناڵستیتان ئەمانەی پێ کەمە!!

لەبەرامبەر ناسیۆنالزمی عەرەب و ئسلامیە رەنگاو ڕەنگەکان و تورانیەکانیشدا لەشارەکانی کەرکوک و موسڵ شارە بچوکە کان کە هێڵی تەماسە هەمیشە ئەگەری شەڕ و کوشتار مۆتەکەیەکە خەڵکی هەراسان کردووە ، راستە تا ئێستا بە هەزارانیان لەیەک نەکوشتوە ، بەڵام شەرێکی ڕانەگەینراو بەردەوام لە ئارادایە دەتوانی قوربانیەکانی بژمێری، کوشتنی چەندان مودیرو کاربەدەستی کورد لە کەرکوک ، کوشتنی ملا کان ( ملا یاسین و مەلا ئەیاد) کوشتنی پیاوێکی شوتی فرۆش عەرەب زمان لەلایەن چەکدارەکانی یاکێتیەوە لە گەرەکی شۆرجە ... و دەیان پێکدادانی وردو درشتی تر کە بەبەردەوامی خۆراکی جەنگی قەومی و تایفین هەمێشە دمارگرژی کۆێری قەومی و دژمنایەتی نەتەوەیی ئەگەشێنێتەوە بەنزینی پێدا دەکا .

ناسێونالزمی کورد لایەنێکی سەرەکی سیناریۆی ڕەشە لە عێراقدا ، لە جەنگی فەلوجەدا کە زیاتر لە 5000کەسی ئەو شارەی نوقمی خاک کردو 250000کەسی ئاوارە کرد، زۆربەی تەلەفزیونەکان ڕایان گەیاند کە چەکدارە کوردەکان بەشداریان کرد کە ئێستاش نێچیرڤان بەرزانی دەیەوی هێزی سەربازی کورد بەرەو ناوەراست و باشور بنێری .

من ئەزانم سایتی بروسکە ئەم حەقیقەتانە هەمووی ئەزانێ ، بەڵام وەک نەعامە پێێ وایە ئەگەر سەری ناسێۆنالزمی کوردی لە خۆڵدا شاردەوە ئەوە کەس گەڵ قەمچاغی جوانی نابینی. گەڵ قەمچاغ و کارنامەی ناسیونالزمی کورد ئەندە پیس و خویناویە دەمی هەر منداڵێکی کوردستان بکەیتەوە ئەمڕۆ زۆر سادە ئەو قسانە بە سەرۆکەکان و کاربەدەستان دەڵێت ، جا ئیتر بیرێ لە حاڵی خۆتان بکەنەوە و فێ( هستریا) نەتان گری !

2007\1\1